# یاوەر ... و.... یاوەرە کوردەکانی *

**جەزا چنگیانی**
jazachingiani@hotmail.com

سەرئەنجامی گرژبوونی گشت کێشەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ له لاوازی هزر وبیرکردنەوەی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ . ئەگەر مرۆڤ دڕەندەترین ئاژەڵ نەبێ , ئەوە بڤەترین ئاژەڵە کە نەك مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر پرسیارێکی گەلێك ترسناکەوە بەڵکو ئەو ژینگەیەشی کە مرۆڤی پێگەیاندوە . لە بەر بەرژەوەندی خۆی خستویتیە دوزیکەوە . کە هەندی جار مرۆڤ ناتوانی تێدا بژی یان تێدا هەناسەبدا .تیکچوون و لە گریژەنەچوونی گشت پیرۆزی و بنەما مرۆیەکان . تەنیا مرۆڤ خۆی دەیکات هەر مرۆڤە دژی مرۆڤی هاوشیوەیەتی . ئەی گوایە کێن ئەوانەی کە جەنگەکان هەڵدەگیرسینن و ملوینەها مرۆڤ دەکەن بە قوربانی؟ لە خودی مرۆڤ زیاتر . کیسنجەر سەرۆك کۆماری پیشوی ئەمەریکا لەوەتەیەکدا ووتی ( دۆزی ئارامی وئازادی دۆزێکی سروشتی نیە لە جیهاندا . ئاسایش وئاشتی یاسای سروشتی نین)**ئەمە تێگەیشتن و خۆیندنەوەی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە . سروشتی مرۆڤی نامرۆڤ وایە تا زیرەکتر و بەتوانەتر بیت دڕندەتر دەبیت . تەکنەلۆژیا لە ئاستیکی باڵادایە . کەڵك وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا ئەوەندەی خزمەتی مرۆی پێدەکریت زۆر ئەوەندە زیاتر دژی ئاسودەی مرۆڤ بەکاریدەهێنن بۆ دروستکردنی چەکە بەکۆمەڵکوژ وویرانکردنی ژینگەو قتکردنی ئازادی تاك و کۆمەڵ . ئەوە هوشیاری ئیستای مرۆڤە بۆیە پیویستی ئەم ژیانە کاریکی بە ترسی مرۆڤ کردوە کە هەر مرۆڤە پیویستی بە پاراستنی بەرژەوەندیە تاکەکانی خۆی هەیە . دواجار لە ئاستی ئەم ویستە تاکەدا ویستی کۆی کۆمەڵ دێتە بوون کە دابینکردنی هێزیکە بتوانێ بەرژەوەندی کۆی کۆمەڵ و نەتەوە بپارێزی واتە ( دەوڵەت ) ئێمەی کورد چونکە بێ دەوڵەتین یانی بێ هیچ ماڤیکی مرۆین . زۆر سووکین زۆر پوچین . زۆر بچوك و چەوساوەو بێ ڕێزین . کە پرسیارێك یەخەم دەگریت ( خەڵکی چ ووڵاتێکی ) شەرم دامدەگریت بڵیم (عیراقی, ئیرانی , سووری و تورکی ) ئاخر ئەمانە هیچی ووڵاتی من نین و داگیرکەرن . کەدەڵیم من هیچ کام لەو ووڵاتانە نیشتمانی من نین . ئەی کوا نیشتمانەکەت ؟ ئەگەر بڵیم نیشتمانەکەم داگیرکراوە . قسەکەر پێمدەڵی تۆ و میللەتەکەت (کۆمەڵە مرۆیەکی سووك و گەوجن ) چۆن ڕێگە دەدەن کەسانی بێگانە خاوەن بڕیار و دەسەڵاتی ئێوە بن . ئەگەر فەلسەفە و ئایدۆلۆژی و ئیستراتیجی ڕێکخراویکی سیاسی . کۆمەڵایەتی خزمەت بە کێشە مرۆیەکەم نەگەیەنیت منی مروڤی چەوساوە ئەو فەلسەفە و ئایدۆلۆژی وپارتە سیاسیەم بۆچیە ؟ کە بەرژەوەندی خۆدیان لە سەرو بەرژەوەندی میللەتەوە بیت ؟. هەر دوو ملۆزم , هەر دوو مۆتەکەی سەردەم ( یەکیتی و پارتی ... بارزانی و تاڵەبانی ) مان بۆچیە ئەگەر نەتوانن ماڤە مرۆیەکانی مرۆی کورد نە پارێزن ؟. تاکی کورد تاوانبار نیە قوربانی زۆریداوە دڵسۆزە بۆ کێشەکەی وەلی گەوجە لە هەڵبژاردنی سەرکردەدا.

زیاد ڕەوی و بۆیاخکردن و فوکردنە ( خود ) نەبیت و هێشتا دڕندەکەی بەغدا لە کۆشکی کۆماری بەغداد دا دەژیا و سەرۆك کۆمار بوو. عودەیەی و قوسەیەی کوڕی سەرگەرمی ڕاوە ئافرەت بوون . کە بە ناو (ئۆپۆزسیونی عیراقی ) لە سەلاحەدین کۆبۆنەوەیانکرد لە وساتەدا ( یاوەر ) سەرۆك کۆماری کاتی ئێستای عیراق لە هیچ قوژبنێکی سیاسی عیراقدا دیار نەبوو. لە پیناو خزمەتکردن و ئاگاداریکردنەوەی

هەردوو سەرکردەی سەقەتی کورد و دەرویشەکانی دەوریان ووتاریکم نووسی بەم ناونیشانە ( ئۆپۆزسیونی عیراقی و بقە یەکی چاوەڕوان ) ( تکایە بڕوانە www.chingiani.de ) لەو وتارەدا ئاماژەم بەوەکردبوو کە ڕۆژێك دادی ئەگەر عەرەبی عیراقی ئۆپۆزسیۆین دەسەڵات بگرنە دەست و کورد ئیستراتیجیت و شێوەی مامەڵەکردنیان لە تەکیاندا نە گۆڕن ( ئۆپۆزسیوینی عیراقی کۆوپی بەعس و ڕژێمەکانی پێش بەعسن ) تێنەگەیشتنی عەرەب لە گرفت و کێشەی کورد وەك میلەتیك تێنەگیەشتنیانە لە ئەرکە مرۆییەکان . ئەوەی مرۆڤ و بیرکردنەوەی مرۆڤ سەقەت دەکات کولتور و دینە . کە دینیش پانتایەکی فراوانی لە کولتور و بیرکردنەوەی مرۆڤدا داگیرکردوە کولتوری عەرەبی بۆگەن بووە بۆگەنبوونەکەشی لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد کە کێشەی مرۆڤە نا عەرەبەکان بوو بە قوربانی بەرژەوەندیەکانی ناسیونالیستی عەرەبی . ئیسلامیش گۆڕەپان خۆشکەر بوو . بۆ خەو و خەمی ناسیونالیستی عەرەبی . ( یاوەر ) ی ساڵی 2004 سەرۆك کۆماری کاتی عیراق نەك دابڕاوە لەو کولتورە سەرسەری و بەربەری و نامرۆیەی عەرەب بەڵکە بە شانازییەوە خۆی بە قوتابیەکی دڵسوزی ئەو کولتوەر دادەنی . ئەو ناماقوڵییەی لەم دوایەدا ( یاوەر ) بە پیرۆزترین هەستە جوانەکانی مرۆڤی کورد (هەستی نەتەوایەتی ) و خەوی دامەزراندی دەوڵەت و ویستی مرۆڤ کوردکردی هۆکەی . گەوجی ( سەرانی کورد ) و ناهوشیاری و بێ هەڵویستی بەناو ڕۆشنبیران ) و پاڵەوانە کاریکاتوریەکانی ریفۆراندوم بوو. ئەگەر ڕۆشنبیران وسیاسەتمەدارانی ئێستای کورد خوێندنەوەیەکی هوشیریان بۆ مەلیك فەیسەل و سەدام و ئۆپۆزسیونی عیراقی هەبوایە لە پاڵیشیا هەڵویستیان بگرتایە ئەوە یاوەریکی نێوە دەسەڵات وا بە ئاسانی سوکایەتی بە ویستە پیرۆزییەکانی مرۆڤی کورد نەکرد . ئەم ناماقولییەی یاوەر خویندنەوەی هەڵویستی تاڵەبانی و بەرزانی یە لەسەر دووپارچەی دەسەڵاتی کوردی ویستە کوردیەکان لە باشووردا لە لایەن ناسیونالیستی عەرەبەوەیە. مەلیك فەیسەل و سەدام پێیان وتین کورد و عەرەب (دوو ڕەنگی تۆخی دژن . بە تێکەڵاوکردنیان ناتوانریٚ ڕەنگێکی تری لێدروست بکرێت ) (هەر کەسێکش گەرەکی بێت ئایندە بخوێنیتەوە . پیویستە لاپەڕەکانی ڕابووردوو هەڵبداتەوە ) *** ئەوان (داگیرکەرانی کوردستان ) ئێمەیان بۆ پارسەنگی کێشەکەیان و ویستە ناسیونالیستەکانی خویان گەرەکە. بێدەنگی سەرکردایەتی کورد و ئەندامە کوردە بووکەشووشەییەکانی (پەرلەمانی عیراق ) وپاڵەوانە کاریکاتۆریەکانی ڕیفراندوم لەو ناماقوڵیەی یاوەر . هیچ ناگەینیٚ لە جلخۆاری و چاشایەتی کردن بۆ ناسیونالیستی عەرەبی و یاوەر بوونی یاوەر نەبیٚ .

* یاور : یاریدەدەر . کۆمەککەر .پشتیوان

** الاستراتيجيه و الدبلومسيه و البروتوكول ... د. محمد نعمان جەلال .

Hans leyndecker . Die Lügen des Weissen Hauses ***

2004/10/23 سانپیترس بۆرگ

www.chingiani.de